Available online at http://jgu.garmian.edu.krd

**Journal of University of Garmian**

https://doi.org/١٠.٢٤٢٧١/garmian.٢٠٧٠٣٠٥

# ڕۆڵی ئاین و زەمینەی گەشەسەندنی شیعری کلاسیکی کوردی (نالی) بەنموونە

ئارام عمر علی
زانکۆی هەڵەبجە
کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت

سروە طاهر علی
زانکۆی هەڵەبجە
کۆلێجی پەروەردەی شارەزوور

پەری عمر علی
زانکۆی سلێمانی
کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت

***Article Info***

Received: June , ٢٠٢٠
Revised: June ,٢٠٢٠
Accepted: July ,٢٠٢٠

***Keywords***

ئاین- گەشەسەندن- ڕەوانبێژی- کێشی عەروز

Corresponding Author

aram.ali@uoh.edu.iq
srwa.ali@uoh.edu.iq
pary.ali@univsul.edu.iq

**پوختە**

ئەم توێژینەوەیە، بە ناونیشانی (ڕۆڵی ئاین و زەمینەی گەشەسەندنی شیعری کلاسیکی کوردی(نالی بە نموونە)، هەوڵێکە بۆ خستنەڕووی قۆناغەکانی گەشەسەندنی شیعری کلاسیکی کوردی، توێژینەوەکە بەشێك لەو هۆکارو فاکتەرانە دەستنیشاندەکات کە ڕۆڵیان هەبووە لەو قۆناغبەندییە بۆ بەرەوپێشچوونی شیعری کلاسیکی کوردی، هاوشان بە شیعری کلاسیکی گەلانی تر لەسەردەمی خۆیدا، بەتایبەت کە سیستەمی فێربوون لەو ساتانەدا خۆی لە زانست و خوێندن و نووسین و ڕۆشنبیری ئاینیدا دەبینییەوە، لە ڕێگای ڕۆشنبیری ئاینەوە، کەمەبەست لێی ئاینی پیرۆزی ئیسلامە، شاعیرانی کورد بە هونەرەکانی ڕەوانبێژی و کێشی عەروز و قاڵبەکانی شیعرو هونەرەکانی تر ئاشنابوون و دەرئەنجام بۆ نێو ئەدەبی کوردی کاریگەریان هەبووە لە داهێنان و خولقاندنی شیعری بەرزو بەپێزدا، کاریگەری ئەو شارستانییەتە لەسەر ڕوخسارو ناوەڕۆکی شیعری کلاسیکی کوردی هۆکاربووە، ئەدەب بەگشتی و شیعر بەتایبەت پێشکەوتنی بەرچاو بەخۆیەوە ببینێت.

## پێشەکی:

ئاماژەکان بۆ کاریگەری (ئاینی) مەبەستمان لێی ئاینی پیرۆزی ئیسلامەو ڕۆڵی لە برەوی زانست و زانیاری و خوێندن و ڕۆشنبیرییە، وەکسەرەتاکانی سەرهەڵدانی قوتابخانەو خوێندنگە لە کوردستان، بە درێژایی مێژوو مزگەوت و خوێندنگە زانستییەکان لە کوردستاندا ئەوەندە زۆربوون، کورد توانیویەتی بەشداری دڵسۆزانەی هەبێت لە هەموو لایەنەکانی پێشکەوتن و شارستانییەتی ئیسلامیدا، هەر ئەو زانست و زانیارییە ڕۆڵی هەبووە لە خوێندەواربوونی شاعیرانی کلاسیکی کوردی و ئاشنابوونیان بەزۆرێك لە زانستەکانی سەردەم، لەوانە بە یاساو ڕێساکانی هونەرەکانی شیعر (ڕەوانبێژی و کێش و سەرواى شیعر....)، شارەزابوونی شاعیران بەم هونەرانە دەلاقەیەکی گەورەبووە بۆ پێشکەوتن و گەشەکردنی شیعری کلاسیکی کوردی، چونکە مەعلومە قۆناغەکانی سەرەتای شیعری نووسراوی کوردی وەك قۆناغەکانی سەردەمی حاجی قادرو نالی و سالم و مەحوی و شاعیرانی تر نەبووە لە پێشکەوتن و بالاَبوونی دەقی شیعریدا. توێژینەوەکە باس لە ڕۆڵ و کاریگەری ئاین دەکات لە گواستنەوەو بەهێزکردنی ئەو هونەرانەی شیعر، کە وەك چەمکێکی ڕۆشنبیری گشتی هۆکاری پێشکەوتن و گەشەسەندنی شیعری کلاسیکی کوردی بوون.

هۆکاری هەڵبژاردنی توێژینەوەکە:

باس لە زۆر هۆکارکراوە کە گەشەی بە شیعری کلاسیکی کوردی داوە بەتایبەت لەسەردەمی زێڕینی قوتابخانەی شیعری بابان، بەڵام کەمتر ئاماژە بەوە دراوە کە ئاین ڕۆڵی بەرچاوی هەبووە لە گواستنەوەی ئەم کاریگەرییە بە کۆمەڵێك هۆکار، لەوانە زمانزانی و خوێندەواری و ڕۆشنبیری گەورەی شاعیران.

## کەرەستەی توێژینەوەکە:

خوێندنەوەیەکی مێژوویی بۆ سەرهەڵدانی قوتابخانەو حوجرە وەك سەرچاوەی زانست و زانیاری شاعیرانی کورد، هەروەها ئەدەبی کوردی و دەقی شیعری بەتایبەت لە دیوانی شیعری نالی.

سنووری توێژینەوەکە: ڕۆڵی ئاین لە گەشەسەندنی شیعری کلاسیکی کوردی بەنموونەی شیعرەکانی نالی، تەنها لە بواری هونەرەکانی ڕەوانبێژی و کێشی و سەرواو قاڵبی شیعری دەخاتەڕوو، لەپێناوی ڕێگری لە بەرفراوانبوونی توێژینەوەکە.

میتۆدی توێژینەوە: میتۆدی مێژوویی، وەسفی شیکارییە.

پێکهاتەی توێژینەوەکە: جگە لە ئەنجام و پوختەی توێژینەوەو لیستی سەرچاوەکان توێژینەوەکە لە دوو بەش پێکهاتووە

## بەشی یەکەم:

تەوەرەی یەکەم: ئاین وەك سەرچاوەی زانست و زانیاری شاعیرانی کلاسیکی کوردی.

لەو دەمەی ئاینی پیرۆزی ئیسلام بەکوردستاندا بڵاوبووەتەوە، خەڵکی ناوچەکە ئاینەکەیان وەرگرتووەو فەرمانەکانیان جێبەجێکردووە، ئەم ئاینە بەشێوەیەکی دیارو ڕوون فەرمانی بە خوێندەواریکردووە، هەر بۆیە ((مزگەوت و حوجرەیش لە کوردستاندا بڵاوبووەتەوە، نەك شار گوندی بێ مزگەوتیش نەبووەو هەر مزگەوتێکیش مەلایەکی بووە کە ڕێنیشاندەرو مامۆستاو فێرکەریشیان بووە))(محەمەد عەلی قەرەداغی، ١٩٩٨ز، ٩) بەسەدان مەدرەسەو حوجرەی گەورە لە کوردستان هەبووە کە نەوەیەکی زاناو خوێندەواریان لە زاناو ئەدیب و شاعیران پەروەردە کردووە، بە جۆرێك((تەواوی ڕوناکبیرو ئەدەبدۆست و شاعیرو نووسەری ئەم گەلە لە مەلایەتییەوە پێگەشتبوون و هاتوونە ڕیزی ناوداران، تەواوی شارەزایی و زانستەکانیان لە حوجرە دەستکەوتبوو))(عمر شێخ لطیف بەرزنجی، ٢٠٠٧ز،٧).

کاروباری خوێندن لە حوجرەکان و لەسەردەمی فەقێیەتی شتێکی ساناو ئاسان نەبووە((خوێندنی مەلایەتی وردەکاری و قوڵییەکی زۆری تێدابووە، وە نەبووە فەقێ هەر لەوەندە بووەستێ دانەری کتێب وایگوتووەو بیسەلمێنێ، دەبایە بزانێ بۆ وەیگوتووە، بۆچوونی تر لەم بابەتە چییەو بەڵگەیان چییە، کاتێك بابەتەکە پەیوەندی بە گرامەرەوە بووە یاخود شەریعە یا بەلاغە دەگۆڕا... خۆ کە بابەتی لێکۆڵینەوە دەگەیشتە خودی(مەنطق)و فەلسەفە ئیتر ئەوکاتە دەکەوتنە دەریایەکی بێ قەراغ، بە گشتی مەلای کوردەواری ناسرابوو کە لە بواری زانیارییە عەقڵییەکان زیرەك و شارەزاو بە ئاگابوون))(مەلا محەمەد عەلیاوەیی،

٢٠٠٣ز، ٣) هەموو ئەم لێبڕان و دڵسۆزی و خۆنەویستییەی زانایانی کوردو ((هەمە جۆری زانستەکانی خوێندنگاکان و تێکەڵاوی مەلای کورد لەگەڵ بابەتەکانی زمانی عەرەبی و ئەدەبی فارسی و قوڵبوونەوەی لە زانستە عەقڵییەکاندا...، نهێنی هەڵکەوتنی ئەو هەموو زاناو مەلاو ئەدیب و شاعیری گەورەو مێژوونووس و ئەستێرەناس و زمانزان و دەیان بەهرەداریترە لەناو کوردو لە مزگەوت و خوێندنگە سادەکانی کوردستاندا))(ئاراس محمد صالح(د)، ٢٠١٨ز، ١٩) ، ئاین بۆ شاعیرانی کورد لەسەردەمی شیعری کلاسیکدا جیا لە بیروباوەڕو عەقیدەو خواپەرستیان دەلاقەیەکی گرنگبووە بۆ گەشتن بە حەزوو خولیایی شاعیرییەتیان، چونکە سەرچاوەی فێربوون و زانست و زانیاری سەرپاکی شاعیران لەو سەردەمە قوتابخانەو فێرگە ئایینیەکان بوون لە حوجرەکاندا ((چ شاعیرو نووسەرێك هەیە خەڵك بیناسێ و بۆ ماوەیەك سەری دە حوجرە هەڵنەکردبێ و بوخچەی فەقێیەتی بەشانیدا نەدابێ و دێ بە دێ نەگەڕابێ...کێ دەتوانێ ژیان و بەسەرهاتی مەلای جزیری، حاجی قادری کۆیی، نالی، مەحوی و هەژارو هێمن و دەیان شاعیری دیش کەمێژووی ئەدەبی کوردیان ڕەنگاندووە، بخوێنێتەوەو لەوشەی فەقێیەتی و حوجرە هەڵنەگوێ)) (سید مستەفا مەحموودیان.٢٠٠٠ز، ٢٣)، لەباسی شیعرو شاعیرییەتی ئەو مەلاو فەقێیانەو ڕۆڵی حوجرە لە پێگەیاندنیان ئەوەی دەبینین زۆرێك لەو شاعیرانە بە چەند زمانێك جیا لە زمانی دایك شیعریان نووسیوە((ئەوەتا دەبینین هەموو شاعیرە کۆنەکان و بەشێکی هەرە زۆری شاعیرە لاو و تازەکانمان، بە زمانی کوردی و عەرەبی و فارسی و هەندێکیان بە ئازەری شیعریان داناوە، بڕێك لە فەقێکان ئەگەر هەستێکی زۆربەهێزیشیان نەبووبێ یان هەر نەیانویستبێ ببنە شاعیر لانی کەم هێندێك هۆنراوەی مەزهەبی و سیاسی و کۆمەڵایەتی، یان جۆری دیکەیان هەیەو هەر نەبێ ژیواری نالەباری خۆیان بەهۆنراوە نووسیووە))(سید مستەفا مەحموودیان،٢٠٠٠ز، ٦٩) ، ڕۆڵی ئاین پەلی هاوێشتووە بۆ شارەزابوونی شاعیرانی کورد بە ئەدەبی نەتەوەکانی ترو ڕۆڵی گەورەی گێڕاوە لە پێشخستنی ئەدەبی کوردیدا، بەو واتایەی لە ڕووی زانست و خوێندەواری ڕۆڵەکانی کورد و فێربوونی زمانەکانی تر بە تایبەت عەرەبی و فارسی و ئاشنابوونییان بە ئەدەبی ئەو دوو نەتەوە لە مەڵبەندەکانی خوێندنی ئەو سەردەمە کە حوجرەی مزگەوتەکانبووە ((بە وێنە زمانێکی وەکو زمانی عەرەبی لەسەردەمەکانی پێشوودا، واتە لە سەردەمی ئەدەبی کلاسیکی کوردیدا، بە هۆی ئاینەوە کەوتۆتە سەر زاری هۆنەر و ئەدیبەکانی کورد)) (عەلائەدین سەجادی،١٩٧٥ز، ٩٤)، لە هەمانکاتدا وەك ڕێچکەو ڕێبازێکی ئیسلامی و ئاینی، لەو سەردەمەدا سۆفیگەری کاریگەری گەورەیی هەبووە لە گەشەسەندنی شیعرو ئەدەب، ئەو کاریگەرییە ئەوەیە، کە ((بووە هۆی بڵاوبوونەوەی هۆنراوەو پوختەکردن و فراوانبوونەوەی ئاسۆی بیر...کاتێ هۆنراوە بەتەواوی لەناو جغزی سۆفیەتیدا گەشەیکرد، ئیتر وایلێهات کەواتای قوڵ و بیری بەرزوو وردو گەلێ هونەری بەیانیش بگرێتەوە))(عەلائەدین سەجادی، ١٣٩٢ك.هـ، ٦٢و٦٣).

## تەوەرەی دووەم:

ڕۆڵی ئاین و بایەخدان بە هونەرەکانی شیعر(هونەری ڕەوانبێژی - کێشی عەرووز و سەروا – قاڵبەکانی شیعر).

لەمێژەوە کورد خاوەنی زمان و ئەدەبێکی سەربەخۆ بووە و لە کاروانی گەشەسەندن و بەرەوپێشچوونی زمان و ئەدەبدا کەمتازۆر هەنگاوی هەڵگرتووە، بێگومان ئەم هەنگاو هەڵگرتنەش هەروا کارێکی لەخۆوە نەبووە بەڵکو وەبەر چەندین کاریگەری و ڕۆڵی جیاوازی کایەکانی تری ژیان کەوتووە، لەوانە (ئاینی، سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری....هتد) هەربۆیە هەندێك لەو فاکتەر و گۆڕانکاریانە لەسەر ئاستی ناوچەیی و دەرەکی بووە و ئەدەبی کوردیش شانبەشانی ئەو گۆڕان و پێشکەوتنانە وەپێشچووە و گەشەیکردووە، ((لە ڕووی ناوەڕۆکەوە هەر لەسەرەتاوە شاعیری کورد بە کاریگەری شارستانییەتی ئیسلامییەوە کاریگەربووە، لە ڕووی ڕوخساریشەوە قاڵبە شیعرییەکانی تاك و فەرد و چوارین و مولەمەع و تەرکیب بەند و تەرجیعبەند و پێنج خشتەکی و موستەزاد و قەسیدەو...لەلایەکەوە و لەلایەکی تریشەوە لە ڕووی وێنەی شیعری و زمان و کێشی عەرووز و قافییەی یەکگرتوو... لە شیعری کوردیدا هەر وەك ئەوان دەرکەوتووە)) (هیمداد حوسێن(پرۆفیسۆر)٢٠١٤ز، ٦٣)،

ئەم بارە بۆ ئەدەبی هەموو نەتەوەکان ڕاستگەڕاوە، کاتێك پێشکەوتن و دەرکەوتنێکی نوێ هاتبێتە ئاراوە بە کۆمەڵێك ڕێگای جۆربەجۆر ئەم پیشکەوتنە گوازراوەتەوە، فاکتەری زۆر هەبوون بۆ گەشەی توانای ڕۆشنبیری و ئەدەبی خوێندەوارانی کورد لەو سەردەمە لە ڕێگەی شارەزایی باشی زمانی عەرەبی و فارسی و تورکی، جا ئەم شارەزابوونە بەزمانی قەومەکانی تر لەلایەن شاعیرانەوە دەرگای گەورەی بەڕوودا کردونەتەوە، تا وایلێهاتووە ئەو کاریگەربوونە لەچوارچێوەی لاسایکردنەوەدا دەرکەوتووە هەر لەو ڕوانگەیەوە هەوڵی لاساییکردنەوەی شاکارە ئەدەبییەکانی پێش خۆیان داوە و پەیڕەوییان لەو هونەرانەکردووە، کە شیعر و ئەدەبی زیاتر برەوپێداوە، ((کلاسیزمی کوردی لاسایی و پەیڕەوی دەستورە ئیسلامییەکانیان دەکردەوە(المتنبی، المعری، الفراهیدی، فضولی، فردوسی، شیرازی..))(فەرهاد پیربال،٢٠٠٩ز، ٤٦)، ئەمە بەڵگەیە، کە خوێندن و خوێندەواری شاعیران لە مزگەوتەکان دەروازەبووە بۆ کاریگەربوون بە ئەدەبی عەرەبی و فارسی و دروستبوونی جۆرێك لە تێکەڵاوی و ئاشنایەتی شاعیرانی ئەو سەردەمە لەگەڵ شاعیران و ئەدەبدۆستانی نەتەوەکانی خاوەن هەمان ئاین، ((گرنگیدانی خوێندنگاکانی کوردستان بەبابەتەکانی ڕێزمانی عەرەبی و صەرف و ڕەوانبێژی، ڕۆڵی گەورەی بینیوە لە گەشەکردنی هەستی شاعیرییەت و خۆشەویستی مەلای کورد بۆ ئەدەب و هۆنینەوەی شیعر لە ئاستێکی بەرزی ڕەوانبێژیدا، لە هەمان کاتدا خوێندنی زمانی فارسی و کتێبەکانی (گوڵستان و بستان) کاریگەری زۆریان هەبووە لەسەر دەوڵەمەندکردنی ئەدەبی کوردی و هەڵگەوتنی شاعیرانی گەورەی وەك (مەولەوی و نالی و مەحوی و سالم)و دەیان شاعیری گەورەیتری کلاسیکی کورد)) (ئاراس محمد ساڵح(د) ٢٠١٥ز ل٤١و٤٢).

کاریگەری هونەرەکانی شیعر لە گەشەسەندنی شیعری کلاسیکی کوردی.

ڕەوانبێژی:

ڕەوانبێژی زانستێکە ڕۆڵی گرنگی هەیە، کار لەسەر واتا و فۆرم دەکات لە دەقدا، زانستێکی دێرینی بە تەمەنە، سەرەتاو دەسپێکی ئەم زانستەش وەکو زۆربەی زانست و تیۆروانینە فەلسەفییەکانی تر دەگەڕێتەوە بۆ یۆنان، کە لە نووسینەکانی((ئەرستۆدا بەرچاو دەکەوێت ڕێکخستن و کۆکردنەوەی لەسەر دەستی ئەو بووە)) (هەژار فەقێ سلێمان حسێن.٢١).

ڕەوانبێژی بنەڕەتێکی گرنگی شیعرە، بە یەکێك لە هۆکارە سەرەکییەکانی جیاکردنەوەی شیعر لە قسەی ڕۆژانە دادەنرێت، بۆیە دەوترێت ڕەوانبێژی بۆ دروستکردنی کاریگەرییە لای گوێگرو خوێنەر، چونکە شیعر بەم هونەرانە قۆناغێکی تر لە ڕازاندنەوە و چێژی پێدەبەخشرێت، هەندێ حاڵەتی ئاڵۆزی و هەندێکجار ناڕوونی هەیە، کە شاعیر هەستیپێدەکات و ناتوانێت بە شێوەیەکی شەفاف و ئاشکرا گوزارشتی لێبکات، پەنا وەبەر ئەم هونەرانە دەبات، تا هەم شێوەیەکی ناسکترو هەم هەندێك جار ڕەمزئاسا وێنەکان بخولقێنێت ((لەکاتێکدا کە بەوردی لە هونەری ڕەوانبێژی دەڕوانین، دەبینین...ئەدیب و شاعیرەمەزنەکانمان توانیویانە زۆر بە لێهاتووی شیعرەکانیانی پێبڕازێننەوە، بێگومان ئەم جۆرە داهێنانەش لەڕوخساری زمانی کوردی کارێکی ئاسان و سادەنەبووە، بەڵکو بەتواناو ماندووبوونی قوتابخانەی کەسانی شارەزاو لێهاتوو دروستبووە، شاعیرە مەزنەکانی وەك خانی و جزیری و مەولەوی و نالی و سالم و مەحوی و زۆرانیتر دەوری باڵایان لەم بوارەدا هەبووە، ئەم شاعیرانە لەگەڵ ئەوەی کە مەلاو زانای چاکبوونە، شارەزایی تەواویشیان لە زمانی فارسی و شیعری شاعیرانی ناوداری فارس و عەرەبدا هەبووە، ئەمە بوو وایکرد کاریگەری زۆریان هەبێ لە پێگەیاندنی هونەری ڕەوانبێژی)) (موحسین ئەحمەدموستەفا گەردی،٢٠١٣ز ٧)

لەبواری ڕەوانبێژیدا زۆرێك لە پەندیپێشینان و قسەی نەستەق و بەرهەمی فۆلکلۆری کوردی بەم هونەرە ڕازێنراونەتەوە، بەڵام لە ئاستێکی سادەو ڕووندا بووە، پاش شارەزابوونی خوێندەواران و شاعیرانی کورد بەم زانستە بەتایبەت یەکێك لەو زانستانەی فەقێیان لە حوجرەو مزگەوتەکان دەیانخوێند هەرسێ بەشەکەی زانستی ڕەوانبێژی بووە، حەمەکەریم هەورامی لە بەرگی یەکەمی کتێبی مێژووی پەروەدەو خوێندن لە حوجرەکانی کوردستاندا دەربارەی ئەو زانستانەی کە پەیڕەوی حوجرەبوون دەڵێت: ((دوانزە عیلمی مەلایان کە ببوون بە

پەیڕەوی سەرتاسەری خوێندنی حوجرەی فەقێ بەسەر ئەم پێنج زانستە دابەشبووبوون... کە ڕەوانبێژی بە هەرسی بەشەکەیەوە(البیان- البدیع- المعانی) یەکێك بووە لەو پێنج زانستە))(حەمەکەریم هەورامی،٢٠٠٨ز، ٣٢٩) و گرنگی زۆری پێدراوەو بەوردی خوێندراوە((بێگومان ڕەوانبێژی عەرەبی(بەلاغە) بەتایبەت وشەییەکان کارێکی گەورەیان کردۆتە سەر شیعری کوردی))(مارف خەزنەدار(د) ،٢٠١٠ز، ٥٦) جا ئەم کاریگەربوونە پەیوەندی بە بەکارهێنانی شاعیران و زانایانی ترەوە هەبووە و بەهۆی شارەزابوونی باشی زاناو شاعیرانی کوردەوە بە فەرهەنگ و زمانی عەرەبی و بایەخیان بەو هونەرانەداوە وەك دەبینین، ((زانایانی ڕەوانبێژی عەرەبی، ڕەوانبێژییان لەخودی دەقە هونەرییەکانیان بەرجەستەکردووە، لە دوای ماندووبوون و بەدواداچوونێکی زۆر، ئێمەی کوردیش هەمان ئەم زانستە لە دەقە هونەرییەکانی خۆمان دەبینین و دەتوانین وەك ئەوان بەرجەستەیبکەین و سودیش لە هەوڵەکانی ئەوان وەربگرین، هەروەك ئەم زانستەڕەوانبێژییانەی کە لەلایان چەند ئەدیب و زانای کورد بەرهەمهاتووە، سەرچاوەی دەستکەوتی زانستی ڕەوانبێژی ئێمەش فۆلکلۆر و شیعری شاعیرانی لێهاتووە، هەروەها ئەو شاعیرانەی کە سۆفی بوون و پەیوەندییان بە شاعیرە سۆفییەکانی میللەتانی دراوسێوە هەبووە زۆر لە هێماو ڕەمزەکانی ئەوانیان بە شارەزایی بەکارهێناوە))(موحسین ئەحمەدموستەفا گەردی،٢٠١٣ز ٨).

کێش و سەروا و قاڵبی شیعری

هەرچی سەبارەت بە کێشە، ((دەرکەوتنی شیعری کوردی دوای ئیسلام لە مەیدانی کێشەوە بە دوو ڕێباز هاتووە: یەکەم ئەو شیعرانەی بەکێشی بڕگەیی (خۆماڵی) نووسراون، ئەم جۆرە لە تایبەتییەکانی زمانی کوردی هەڵدەقوڵێ و مۆرکی ڕەسەنایەتی خۆی پێوەیە، بۆیە هەر هەموو شیعرو سروود و گۆرانیی فۆلکلۆری بەم جۆرە کێشە ڕێکخراون... دووەم ئەو شیعرانەی بە کێشی عەرووزی دەستکاریکراو نووسراون، ئەم جۆرە کێشە هەر لە کۆنەوە(بابا تاهیری هەمەدانی)لەڕێی شیعری فارسییەوە هاتۆتە ناو ئەدەبی کوردی و شاعیرانی کورد پەیڕەوی کێشی عەروزیان کردووە))(عەزیز گەردی، ١٣٨٣ك، هـ، ٥) دواتر شاعیران بەهۆی کاریگەربوونیان بە زمان و ئەدەبی عەرەبی لە ڕێگای ئەو زانست و ڕۆشنبیرییەی لە ڕێگەی ئاینەوە پێیگەشتوون زۆر بەباشی فێر بوون.

کێشی عەرووزیش هەر لەو چوارچێوەیەدا بووە ، شاعیران شارەزاییەکی باشیان تێیدا هەبووە و گرنگییان پێداوە . هەر لەم سۆنگەیەوە ئەدەبناسەکانیش چەندین پێناسەیان بۆ کێشی عەرووز کردووە، لەوانە نوری فارس کاکەخان ، لە کتێبی ( عەرووزی کوردی)دا دەڵێت: ((عەرووز زانستێکی تایبەتییە ، کێشی راست و دروستی شیعری ، لە کێشی لەنگ و چەوتی شیعر ، لە هەموو زمانێکدا پێجیادەکرێتەوە)) ( نوری فارس کاکە خان، ٢٠٠٤، ٧٣). بەشێك لە زمانە جیاوازەکان((پەیڕەوی عەرووزی دەستکاریکراوی عەرەبیان کردووەو کوردیش یەکێکە لەوان)) (عەزیز گەردی، ١٣٨٣ك.هـ ، ٤٦).

سەرواش ڕەگەزێکی بنەڕەتی شیعرە و هۆکارێکە بۆ دروستکردنی ئاوازی شیعر، شاعیران زۆر بایەخیان پێداوە، هەروەها ئەدەبناسە عەرەب و فارس و کوردەکانیش چەندین پێناسەیان بۆ کردوە. (الاخفش) لە پێناسەی سەروادا دەڵێت: ((قافیە، کۆتا وشەی دێڕە شیعرە، کە لەهەموو دێڕەکاندا هەیە، بۆیە پێی دەوتێ قافیە چونکە تێیدا دەوەستین)) (هاشم صالح مناع، ٢٠٠٣، ٢٥١). مەبەست لە وەستان ئەوەیە، کە دێڕە شیعرەکە لەوێدا کۆتایی دێت و بۆچوونە سەرەتای دێڕی تازە پێویست بە تۆزێک وەستان هەیە. هەروەها ئەدەبناسە کوردەکانیش پێناسەیان کردووە، عەزیز گەردی دەڵێت : ((سەروا بۆی هەیە بەشێکی کۆتایی یان وشەی کۆتایی بێ یان لەدوو وشەی کۆتاییدا بێ )) (د.عەزیز گەردی، ١٩٩٩، ٢٥).

هەر بەهۆکاری ئەو شارەزابوونەی شاعیران و ئەدیبانی کورد لە ئاینی پیرۆزی ئیسلام، هەندێ هونەرو قاڵبی شیعری لەئەدەبی کلاسیکی نەتەوە موسڵمانەکان کە کوردیش یەکێك بوو لەوان، بڵاوبوویەوەو گەشەی بە شیعری کلاسیکی کوردی دا، بەنموونە پێنج خشتەکی لە ئەدەبی کلاسیکی کوردیدا((ئەم هونەرە وەکو ڕووداوێکی دیار هاتە ناو ئەدەبەوە لەو ڕۆژەی غەزەل و قەسیدەی ئیسلامی لە ئەدەبیاتی نەتەوەکانی ڕۆژهەڵاتدا پەیدابوو، ئەم هونەرە تەنیا خەریکی ئەو غەزەلە نییە کە بە زمانی

کوردی نووسـراوەتەوە، بـەڵکو ژمارەیەکی زۆر لە شـاعیرانی کلاسـیکی کـورد گـەلێ پارچـەی شـیعری زمـانی فارسـی و تورکییان هەڵبژاردووەو کردویانە بە پێنج خشتەکی))(مارف خەزنـەدار(د)، ١٩٨٤ز، ١٨٩)، ئـەم هونەرانـە لـە ئـەدەبی کلاسـیکی نەتـەوەکانی دراوسـێی کـورد بـاوبوو، کاریگـەری هـەبوو لـە داهێنـان و گەشەسـەندنی شـیعری کوردیـدا، مولەمەعیش یەکێکی ترە لەو شیعرانەی لەئەنجامی ئەم تێکەڵاوبوون و زمانزانی و ئاگاداربوون لـە ئـەدەبی گـەلانی تـر ڕۆڵـی هـەبوو لـەو گەشەسـەندنەدا((ئەدەبی کوردی(شیعری کلاسیکی کوردی) لە کۆنەوە تا ناوەڕاستی سەدەی بیستەم لە ڕووی ئەم هونەرەوە دەوڵەمەندبووە)) (مارف خەزنەدار(د)، ١٩٨٤ز، ١٩٩)

بەشی دووەم:

گەشەکردنی شیعری کلاسیکی کوردی و نالی بەنموونە:

پەیـدابوونی شـیعری کلاسـیکی تـازەی کـوردی و ئـەو وەرچەرخانـە گەورەیـەی سـەریهەڵدا، لـەڕووی هەسـتی نەتەوایەتییەوە و مەسـەلەی نەتـەوەو بـاری کۆمەڵایـەتی، دەتوانرێت بگوترێت حـاجی قـادری کۆیی ڕێچکەو ڕێبازێکی تـازەی لـە دونیـایی شـیعری کـوردی خولقانـد، لـەپاڵ ئەمانەشـدا ڕابـەرانی قوتابخانـەی شیعری بابـان گـۆڕانی گـەورەیان لـە شـیعری کلاسـیکی کـوردی هێنایـەبوون ،((قوتابخانـــەی شـــیعری بابـــان، کـــە هەنـــدێ لـــە مێژوونوسـانی ئـەدەب بـە قوتابخانـەی نـالی دادەنـێن و هەندێکیش لە باسیدا ناوی نالی و سالم و کوردی پێکەوە تۆماردەکـــەن، ئـــەو قوتابخانەیـــە گـــەر لـــە ڕووی ناوەڕۆکیشـەوە گـەلێك دیمـەنی لـە ئـەدەبیاتی ئەمڕۆمانـدا نـــەمابێ. ئـــەوا فـــۆرمی ئـــەدەبیاتی ئـــەمڕۆمان هـــەر بەرەوپێشـــچوونی مێژوویـــی فـــۆرمی ئـــەدەبی ئـــەو قوتابخانەیە))(ئـەکرەمی مـەحموودی سـاڵحی ڕەشـە، ١٩٨٤ز، ٢٣)، شیعر لەسـەر دەسـتی نالی گـۆڕانی گـەورەیی بەسـەردا هـات، ئەو گۆڕانە گەورەیەی ڕووی لە ڕوخسـارو نـــاوەڕۆکی شـــیعری کـــوردی کـــرد لـــەو ســـەردەمە، دەنگدانەوەیـەکی گـەورەی بـە بزاڤـی ڕۆشـنبیری و ئـەدەبی بەخشی، کە نالی خوێندەوارێکی باش و شارەزاییەکی زۆری زانسـتە ئیسـلامییەکان و زمـانی عـەرەبی و ئـەدەبی قـەوم و نەتەوەکانی تر بوو بەتایبەت ئەدەبی فارسی و عـەرەبی، لە خوێندن بەردەوامبووە تا ئینجازەی دوازدە عیلمی مەلایەتی وەرگرتـووە ((لـە دوای ئیجـازە وەرگـرتن لـە مزگـەوتی سـەید حەسـەن بـە مەلایـەتی ماوەتـەوە هـەتا دوا ڕۆژی ژیـانی لـە سـلێمانی لـــە حـــوجرەی ئـــەو مزگەوتـــەبووە))(مارف خەزنەدار، ٢٠١٠ز، ٦٤) هەروەها بەهۆی ئەو شارەزاییەی نـالی هـەیبووە ئاگاداری شـیعری کلاسـیکی نەتـەوەکانی تـر بووە بەمەش هەر لە((حوجرەی فەقێیان بیرو مێشکی بە شیعری کلاسیکی نەتەوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئاودرا)) (مـارف خەزنـەدار، ٢٠١٠ز، ٧٥) ئەمانـە هۆکاربوونـە بـۆ ئـەوەی شـیعری کلاسـیکی کـوردی لەسەردەسـتی نـالی و قوتابخانەی شیعری بابان گەشـەی زۆر گەورە بە خۆیەوە ببینێ، بەنموونە عەلائەددین سەجادی لەبارەی خوێندن و خوێندەواری نالی شاعیرەوە دەڵێت: ((بەو جۆرە ژیانە کە لـەپێش(١٥٥)سـاڵدا لـە شـارەزوور هـەبووە، ئـەویش گەورەبووەو پایـەیی بـەرزی خوێنـدەواری لـەو سـەردەمەدا خوێنـــدن و تـــەواوکردنی عولـــوومی ئیســـلامی بـــووە))(عەلائـەددین سـەجادی،١٣٨٩ك.هــ، ٢٤٤). لـەبارەی ڕۆڵ و کاریگـەری ئـەو تێکەڵاوبوونـە بـە ئـەدەب و زانسـتی ئیسـلامی تایبـەت بـە بزوتنـەوەی نـوێی ئـەدەبی ناوچـەی سـلێمانی دکتـۆر مـارف خەزنـەدار دەڵێـت: ((لـە نیـوەی یەکـەمی سـەدەی نۆزدەمـدا، لەبـەر ڕۆشـنایی تاقیکردنـــەوەکانی ئـــەدەبـــی کـــوردی و ئـــەدەبی ئیسلامەوی(عەرەبی – فارسی- تورکی عوسمانی)لە ناوچەی سلێمانیدا ئەم بزووتنەوە نوێیە سەریهەڵدا، شاعیرانی ئەم دەورە، نالی و سـالم و کوردی بـوون بـە دامەزرێنـەری ئـەم قوتابخانەیە، ئەم ڕێنسانسە مەزن و گرنگە لە دوایدا بوو بە سەرچاوەیێك بۆ گۆڕان و پێشکەوتنی ئەدەبی کوردی لە هـەموو کوردسـتانی باشـووردا))(مارف خەزنـەدار(د)، ٢٠١٠ز، ٥٥و٥٦).

تەوەری یەکەم: هونەری ڕەوانبێژی و بایەخی لە شیعری نالی دا.

لە نێـو شـاعیرانی کلاسـیکیدا (نـالی) کە لە سـنووری توێژینەوەکەی ئێمەدایە, یەکێکە لە شاعیرە پێشـەنگەکان لەو بوارەدا. یەکێك لەو تیوریانەی کە جێگەی بایەخی نالی شـاعیر بـووە و بەگـرنگییەوە لێیڕوانیـوە هونەرەکـانی ڕەوانبێژیـی بـووە. شـارەزاییەکی زۆر باشـی لـەم هونـەرەدا هەبـووە و توانیـویەتی لە زۆربەی دێـڕە هۆنراوەکانیـدا

بەرجەستەیان بکات, هۆکاری سەرەکی ئەمەش ئەگەڕێتەوە بۆ ئەو پاشخانە ڕۆژهەڵاتییەی شاعیر هەیبووە, بەهۆی خوێندن و ڕۆڵی ئاین و کاریگەرییەکانی لەسەر نالی لەو سەردەمەدا، شارەزاییەکی باشی لە زمانەکانی فارسی و عەرەبی هەبووە, لێرەوە پاشخانێکی ئەدەبی و زانستی باشی لەو بوارەدا پەیدا کردوە، تەنانەت (پێشەکی و لێکدانەوەی بۆ کتێبێکی ڕەوانبێژی گرنگ نووسیوە. شەرحی شیعرە عەرەبییەکانی بە فارسی کردووە، ئەمە ئیتر جێگای مشتومڕ ناهێڵێتەوە بەوەی نالی هونەرەکانی ڕەوانبێژی تەواو ئەزبەر بووە، هەمیشە شانازی بەوەوە کردووە لە مەیدانی فەساحەتدا سوارچاکبووە). (هەژار فەقێ سلێمان.٢٠١٨:١٤١).

یا لە مەیدانی فەساحەتدا بە میسلی شەهسوار

بێ تەئەممول بەو هەموو نەوعە زوبانی ڕادەکا ( نالی ١٠٣)

بە شێوەیەکی گشتی شاعیر ئاگاداری هونەرەکانی ڕازاندنەوە و وێنەی هونەری و تەکنیکی زمان و شیعریەت بووە. بۆیە لێرەدا کار لەسەر هەرسێ بەشەکەی ڕەوانبێژی دەکەین:

یەکەم: ڕوونبێژی(علم البیان):

یەکێکە لە بەشەکانی ڕەوانبێژی وە دیارترین و بەهێزترین زانستی ڕوانبێژییە. کار لە چۆنییەتی مامەڵەکردن و فراوانکردنی بواری دەربڕین و کەرەستەی گەیاندنی مانا دەکات، یان چۆن بە ڕێگەیەکی جیاواز مانای جیاواز دەردەبڕێت، ڕوونبێژی تایبەتە (بە بنەمای هەست و سۆزی ئەندێشە، چونکە ئەندێشە ڕادەی سۆزە، مەبەست لە ڕوونبێژی زیاتر دەرخستن و ڕوونی دەربڕین و گەیاندنی واتایە. دەربڕینەکان لەم هونەرە ڕەوانبێژیەدا سادەو ساکارن و بە شێوازێکی گونجاو و کاریگەر دەربڕاون) (عبدالواحید مشیر دزەیي،٢٠١٥ ٧١)، هەروەها ڕوونبێژی کار لەسەر ئاشکراکردنی بابەتە شاراوەکان دەکات، ئەرکی ڕوونکردنەوەو دەربڕین دەگرێتەئەستۆ. ئەوەی زیاتر نالی شاعیر گرنگی پێداوە لەم بە شەدا هونەری (لێکچواندن، خواستنە).

لێکچوواندن: وەسفکردنی شتێکە بە شتێکی تر کە هاوبەشن لە سیفەتدا، لە ڕویەکەوە یان چەند ڕویەکەوە، یان ڕوونتر بڵێین مەبەست لەم هونەرە ڕوونکردنەوەی واتاو مەبەستی قسەکەرە یان نووسەرە دەربارەی شتێکی باسکراو، یان ڕوونکردنەوە و پەردەلادانە لەسەر شتێك کە بەلای ئێمەوە ئاشکرا نەبێت ئەویش لە ڕێگای ئامرازەکانی لێکچوواندنەوە کە شتێکی نادیار بەشێکی ناسراو و دیار دەچووێنرێت بۆ مەبەستی ڕوونکردنەوە ئەوانیش چوار بنەمان (هەژار فەقێ سلێمان،٢٠١٨: ٢٦٧ ).

یەکەم: لێچوو (المشبة)، ((ئەو شتەیە کە تۆ پێتوایە لە شتێکی دیکە دەچێت، واتە ئەو شتەیە کە تۆ دەتەوێت سیفەتێکی بدەیتە پاڵ)) (سەید ئەحمەد پارسا، ١٣٩٧ك.هـ، ١٤).

دووەم: لەوچوو (المشبةبة)، ئەو لایەنەیە کە دەمانەوێت چوێنراوی پێبچوێنین.

سێیەم: ئەوزاری چوواندن یان ئامرازی چوواندن(ادة التشبیة)، ئەو ئامرازەیە چوێنراو و پێچووێنراو پێکەوە دەبەستێتەوە، دەکرێت بەکاربهێنرێت یان لابرێ.

چوارەم: ڕووی لێکچوواندن (وجة التشبیة)، سیفەتێکە هاوبەش و کۆکەرەوەی نێوان لێچوو و لەوچووە. وەك لەم دێڕەدا نالی دەڵێت:

گوتم ئایا بەزاری خۆت دەپرسی حاڵی زاری من

برۆی هێنایە یەك وەك شکڵی ((لا))یەعنی کە بێزارم

(مەلا عەبدالکریم مدرس دیوانی نالی ،١٣٨٨: ٢٢٠)

شاعیر لێرەدا چوواندنی درێژی بەکارهێناوە، هەر چوار بنەماکەی لێکچوواندنی بەکارهێناوە, برۆی یارەکەی چوواندووە بەیەکێك لەپیتەکانی زمان, لە سیفەتی لاریدا هاوبەشی کردوون. (برۆ) لێکچووە، (لا) لەوچووە، (وەك) ئامرازە، (بێزارم) ڕووی لێکچوواندنە. یان دەڵێت:

دەروونم خاڵیە وەك نەی دەناڵێ

هەوارێکی چ پرهاوارە بێ تۆ ( نالی ٣١٢)

لێرەدا (دەرونی) چوواندوە بە (نەی) ڕوی لێکچوواندنیش (ناڵینە) سیفەتی هاوبەشی دەروونی شاعیرو (نەی) ە (دەروون) لێچوو (نەی) لەوچوو، (وەك) ئامرازە، (نالین) ڕووی لێکچوواندن.

خواستن: مەبەست لە خواستنی واتایە لە شتێکەوە بۆ شتێکی دی، یان ((بەکارهێنانی وشەیەك بە مانایەکی تازە و نوێتر، نەك بە مانای ڕاستەقینەی خۆی، دەبێت نیشانەیەکیش هەبێت، کە نەهێڵێت مانا

ڕاستەقینەکەمان مەبەست بێت، هەروەها پەیوەندی نێوان مانا ڕاستەقینەکەو مانا خوازەییەکە لێکچوواندن بێت)) (مەهدی فاتح عمر،٢٠١٨ :٢٤٦ )، نزیکایەتی و لێکچوون خاڵی سەرەکی ئەم هونەرەن، هەروەها هاتنی یەکێك لە دوو بنەماکەی چوواندن ئەمەش جۆرە شیعریەتێك بە خواستن دەدات لە چاو چوواندندا. یەکێکە لەو هونەرانەی نالی بە شێوەیەکی بەرچاو، بە هەردوو جۆرەکەی (ئاشکراو، درکاو) بەکاریهێناوە. هەروەك لەم دێڕەدا خواستنی ئاشکرایە دەڵێت:

گوتم ئەی ماە دڵی من بە دڵی خۆت بکڕە

گوتی من بەردی بە قیمەت بە کەبابی نادەم (نالی ٢٥٠)

لێرەدا شاعیر سیفەتی مانگی خواستووە بۆ ڕووخساری یارەکەی سیفەتی جوانی ئەو دووانەی کۆکردۆتەوە، هەروەها مانگی بە کەس کردووە. (ماە) لێخواستراو (یار) بۆخواستراوە، یان لە خواستنی درکاودا دەڵێت:

تا نەگریا ئاسمان تەم وڵاتی دانەگرت

گوڵ چەمەن ئارا نەبوو هەم لێوی خونچە وانە بوو (نالی ٣٠٤)

شاعیر سیفەتی مرۆڤی خواستووە بۆ سروشت (ئاسمان) ئەویش گریانە واتا سروشت بە مرۆڤ کراوە. (مرۆڤ) لێخواستراوە دەرنەکەوتووە (ئاسمان) بۆ خواستراوە. سیفەتی خواستراو (گریان)ە.

دووەم: جوانکاری (علم البدیع):

ئەم هونەرە کار لەسەرداڕشتن و دەربڕین دەکات، لایەنی جوانی و هونەری ئەدەب ڕووندەکاتەوە، ئەگەر بەشەکانی تری ڕەوانبێژی، تەنها گرنگی بە جوانی واتا و واتای نوێ بدەن، ئەوا ((جوانکاری لە ئاستی ڕوخسارو ڕازاندنەوەی وشە و واتا کار دەکات)) (هەژار فەقێ سلێمان حسێن،٢٠١٤ :٣٣ )، واتە بایەخ بە هەردوو ئاستی جوانکاری واتایی و جوانکاری وشەی دەدات. لێرەدا لە ئاستی جوانکاری وشەدا باس لە دژیەکی دەکەین:

دژیەك: هونەرێکی جوانکارییە، هێنانی دوو شتی نەگونجاوە و دژە لە بەرامبەر یەکدا دەوەستێنرێت، ((دوو جەمسەری هەیە و ئەمەش ڕادەی هەست و سۆزی شاعیر دەردەخات کە بۆ وروژاندنی بەکاریدەهێنێت، ئەمیش بە دوو شێواز بەکاردەهێنرێت، ئەگەر دوومانا دژ بەیەکەکە لە نێوان ئەرێنیدا بوو دەبێ بە دژیەکی ئەرێ (طباق الایجاب). ئەگەر دوو مانا دژ بە یەکەکەش لە دوو واژەی ئەرێ و نەرێ دابوون ئەوا پێی دەڵێن دژیەکی نەرێ (طباق السلب) ئەوەیە وشەیەیك لە هەردوو وشەکان بە هۆی ئامرازی وەك (نە) و (نا) و (مە) بێ بە نەرێ (نفی)) (محسن ئەحمەد مصطفى گەردی:٣٢٤ ). بۆ دژیەکی ئەرێ شاعیر دەڵێت:

مەعنای نوور و زوڵمەت و نەشری حەیات و مەوت

بوو، ڕووزوڵف و ڕۆژی ویسال شەوی فیراق (نالی ٢٠١)

وشەکانی (نوور و زوڵمەت، حەیات و مەوت، ویسال و فیراق) ڕەگەزیان جیاواز و پێچەوانەی یەکن، بۆیە دژیەکی ئەرێییان دروست کردووە. یان دەڵێت:

ڕێی حورمەت و بێ حورمەتی هەرگیز نەکۆتابێ

چەن ئاوی ڕژابێت و چ ئاوێ نەڕژابێ (نالی ١٠١)

هەردوو وشەی (ڕژابێت و نەڕژابێت) دژیەکی نەرێییان درووستکردووە، بە هۆی ئامرازی (نە) وە چووەتە سەر کردارەکە.

ڕەگەزدۆزی: ئەو هونەرەیە کە دوو وشە یان زیاتر لە ڕواڵەتدا لەیەکدەچن، بەڵام هەریەکەیان واتایی تایبەتی خۆی هەبێت، کە جیاوازبێت لە وشەکانی تر. ئەمیش دوو جۆری هەیە:

أ_ ڕەگەزدۆزی تەواو: ئەو جۆرەی ڕەگەزدۆزییە دوو وشە لە شێوە و جۆر و ژمارە و ڕیزی پیت و دەنگەکاندا وەك یەکن، بەڵام واتایان جیاوازە هەروەك شاعیر لەم دێڕەدا دەڵێت:

برۆت هەر چین پەرچەم چین لەسەر چین

ئەمەندە چینە قوربان پیم بڵێ چین (نالی٢٨٣)

لێرەدا ڕەگەزدۆزی تەواو هاتووە، کە ئەوانیش وشەکانی (چین)، کە لە کۆتایی دێڕەکاندا هاتوون، (چین)ی یەکەم بە واتای چین هاتووە، چینی دووەم وشەی پرسە.

ب_ ڕەگەزدۆزی ناتەواو: ئەم جۆرەیان دوو وشە لە شێوەو فۆرمدا لە یەکەوە نزیکبن، بەڵام جیاوازیەکەیان لە ژمارەو شێوەو فۆرم دابێت.

عاشق کە دەکات ڕاوی زوڵماتی شەوە داوی

موژگانی تەرە چاوی بیداری لەکن پەشمە (نالی ٣٩٢)

لێرەدا وشەکانی(ڕاوی، داوی، چاوی) ڕەگەز دۆزی ناتەواویان درووستکردوە.

سێیەم: واتاناسی(علم المعانی):

مەبەستەکانی قسەکەر ڕووندەکاتەوە ئەم هونەرە((تایبەتە بە بنەمـــــای واتــــا و بیـــرۆکە، یارمەتیمانــــــدەدات نزیککــردنەوەی وێــنەی دەربڕینـی ئەو بیـرۆکەیەی کە بە میشــکماندا دێت)).(عبدالواحیــد مشـیر دزەیـی، ٢٠١٥ :١٤٧). هەروەهـــا لە ئەو واتایـــانە دەکــۆڵێتەوە، کە لە ڕێگەی وشـەکانەوە گەیەنـراون، یـان ((کۆمەڵێـك یاسـایی تێدایە قسـەکردن لە کات و شـوێنی گونجاودا ڕێکدەخات، بەشـێوەیەك دووریێـت لە هەڵەو کەم و کـورتی لە کـاتی گەیانـدنی واتـادا)) (هەژار فەقێ سـلێمان،٢٠١٤ :٣٦). ئەم هـونەرەش دابەشـدەبێت بـۆ چەنـد بەشـێك، لیرەدا ئێمە تەنها باس لە کورتبڕی و درێژبڕی دەکەین.

کورتبڕی: یەکێکە لە هونەرەکانی واتاناسی، شـاعیر واتایەکی زۆر بەرامـبەر وشــەیەکی کەم بەکاردەهێنێـت، هەروەهـا وێنەیەکـی جـوان بەرامـبەر وشــەی کەم دەخولقێنێـت. هەروەك لەم دێرەدا دەڵێت:

زوڵفەینی بە خەم و مار و بەحەلقەن وەکو عەقرەب

شــــــیعری لەف و نەشـــــرن، چ موشـــــەووەش،چ مورەتتەب (نالی ١٠٥)

شـاعیر ئیکۆنـۆمی و کـورتبڕی کـردووە بە چەنـد وشـەیەکی کەم مانـایەکی زۆری دەربڕیـوەو وێنەیەکـی جـوانی یـارەکەی کێشاوە.

درێژبڕی: پێچەوانەی کورتبڕییە وشـەیەکی زۆر لە بەرامـبەر مانایەکی کەم بەکاردەهێنرێت شاعیر لەم دێرەدا دەڵێت:

بەس گریە بکە بۆ پودەر و بابی حیجابت

بێ بابی تۆ مووریسە بۆ وەسڵ و مولاقات (نالی ١١٠)

هەردوو وشـەی( پودەر و باب ) هەمان واتایان هەیە، بۆیە درێژبڕیـان دروسـت کـردوە. شـاعیر وەك سـەنتەری بـابەتی دێڕەکە ئەو ئاماژەی داوە و جەختی لەسەر کردۆتەوە.

تەوەری دووەم:

کێشی عەرووز و سەروا و قاڵبی شیعری کلاسیکی کوردی ( لای نالی )

کێش: کێش ئەو ڕێگایەیە کە شیعری پێ پێوانە دەکرێت ، یـاخود دەتـوانین پێناسـەی کێش بەمجـۆرە بکەیـن: ((کێش بــریتییە لە ســەرجەمی ئەو پێیــانەی دێــرە هەڵبەســتێك دروســتیدەکەن، کە لە عەرووزی عەرەبیــدا تەفعــیلەی پێدەڵێن)) (عبدالرزاق بیمار، ١٩٩٢، ١٠). شـاعیرانی کورد کێشـی عەرووزی عەرەبییـان بەکارهێنـاوە بـۆ پێـوانەکردنی شــیعرەکانیان ، ئەمەش بە کــاریگەر بــوون بە ئەدەبیــاتی عەرەبــی و ئەو زانســتە ئیســلامییەی کە لە حــوجرەو مزگەوتەکاندا فێری بوون.

ســەبارەت بەو کێشــە عــەرووزییانەی، کە نــالی لە شـیعرەکانیدا بەکارهێنـاون ، د.مـارف خەزنەدار دەڵێـت: ((بەشــی هەرە زۆری غەزەلەکـانی لەسەرکێشــی هەزەج و هەنـدێ لەو کەمتـر لەســەر کێشـی ڕەمەلـن، لە کێشـی موزاریـع هەشــت غەزەلـی هەیە ، لە کێشــەکانی ڕەجەز و بەسیت و تەویل لە هەریەکەیان غەزەلێکی هەیە)).( دکتـۆر مــارف خەزنەدار، ٢٠١٠، ٨١). نـالی لە دیوانەکەیـدا لەو (١٦) بەحرەیـی عـەرووز تەنیـا (٧) دانەی بەکارهێنـاوە، کە ئەوانیش ( هەزەج و ڕەمەل و موزاریع و ڕەجەز و موجتەس و بەســیت و تەویــل) ن، بەڵام ڕێــژەی بەکارهێنــانی ئەم کێشانە جیاوازن، هەندێکیان زۆرترین شیعری پێنووسیون و هەشـە تەنیا یەك شـیعری پێنووسـیوە. عەزیـز گەردی لە کتێبی ڕابەری کێشی شـیعری کلاسیکی کوردیدا ڕێژەی ئەم شیعرانەی دیاری کردووە، هەڵبەت ئەو بە پێی دیوانەکەی کە د.مـارف خەزنەدار لێکـۆڵینەوە و ســاغکردنەوەی بــۆ کــردووە، ئەو ڕێــژانەی دیــاریکردووە، بەم جــۆرە ((٦٧ شیعری هەزەجە کە ڕێژەکەی (٥٥.٧%) ی شـیعرەکانێتی ، ٤٠ شـیعری ڕەمەلە، کە ڕێژەکەی (٣٢.١٨%) یە ، موزاریع ١٠ شـیعرە، کە ڕێـژەکەی (٨.١٩%) یە، ڕەجەز ١ شـیعرە، کە ڕێژەکەی( ٠.٨١ %)ی شیعرەکانێتی ، هەروەها بەسیت و تەویلـیش یەکـی یەك شـیعری هەیە)). (عەزیـز گەردی، ٢٠٠٣، ٧١١).

ئەو شـیعرانەی نـالی ، کە کێشـەکەیان هەزەجە (هەزەجی هەشــتی تەواو، هەزەجــی هەشــتی ئەخرەبــی مەکفــووفی مەقســـوور، هەزەجــی هەشــتی ئەخرەبــی مەکفــووفی مەحزووف، هەزەجی هەشـتی ئەخـرەب و هەزەجی شەشی مەحزووف و شەشی مەقسوور) ن.

نالی لە شیعرێکدا دەڵێت:

هەرچەندە عومری خدر و جامی جەمت بوو

چونکە ئەمەلت زۆرە چ عومرێکی کەمت بوو

ئـەی جامیعی دونیـاو قیامەت بەخەیاڵات

ئەو ڕۆژە کـە مردی، نـە ئـەوت بـوو نـە ئـەمت بوو ( نالی، ١٩٧٦، ٣٦٧).

ئەم شــیعرە بەکێشــی (هەزەجــی هەشــتی ئەخرەبــی مەکفــووفی مەحزووفــی) (مفعــول مفاعیــل مفاعیــل فعولن×٢) نووسراوە.

ئەو شـیعرانەی نـالی کە کێشـەکەیان ڕەمەلە، بـریتین لە (ڕەمەلی هەشـتی مەخـزووف، ڕەمەلی هەشـتی مەقسـوور، ڕەمەلی هەشـتی مەخبـوونی مەحـزووف، ڕەمەلی هەشـتی مەخبـوونی ئەسـلەم، ڕەمەلی شەشی مەقسـوور، شەشی مەحزووف و شەشی مەشکوول).(عەزیز گەردی ، ٢٠٠٣، ٧١١).

بۆ نموونە لە شیعرێکدا دەڵێت:

وەی کە ڕوو زەردی مەدینە و ڕوسیایی مەککە خۆم

دەرکراو و، دەربەدەر یارەب دەخیلی عەفوی تۆم

دەفتـەری ئـەعمالی مـن ، بێ قەطـرەیێکی ڕەحمەتت

کـەی بـە صـەد زەمـزەم سـیاهیی نوقطـەیێکی لێدەشۆم (نالی، ١٩٧٦، ٢٩٩).

ئەم شــیعرەی بە کێشــی (ڕەمەلــی هەشــتی مەقســوور) نووسیوە، (فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلان × ٢).

شـاعیر سێ جۆر کێشی موزاریعی بەکارهێناوە، ئەوانیش ( مــوزاریعی هەشــتی ئەخرەبــی مەکفــووفی مەحــزووف، مــوزاریعی هەشــتی ئەخرەبــی مەکفــووفی مەحــزووف، موزاریعی هەشتی ئەخرەب )ن.

بۆ نموونە لەم شیعرەدا دەڵێت:

ئەی ساکینی ڕیاضی مەدینەی مونەووەرە

لوتــفێ بــکە، بــفەرموو : مەدینــەو وەرە (نالی، ١٩٧٦، ٤١٥).

ئەم شــیعرەی بە کێشــی (مــوزاریعی هەشــتی ئەخرەبــی مەکفــووفی مەحزووف)،(مفعـول فـاع لات مفاعیـل فـاع لـن×٢). نووسـیوە.      هەروەهـا لە کێشـەکانی ( ڕەجەز و مـوجتەس و بەسـیت و تەویـل ) هەر یەکەو یەک شـیعری هەیە، ئەوانـیش (ڕەجەزی هەشـتی مەتـووی مەخبـوون، موجتەسـی مەخبـوونی ئەسـلەم موسـەببەغ، بەسـیتی هەشتی مەتووی، تەویلی هەشتی مەقبووز)ن .

لەم شــیعرەیدا کە کێشــی (ڕەجەزی هەشــتی مەتــووی مەخبـوون)ە ، (مفـتعلن مفـاعلن مفـتعلن مفـاعلن×٢ ) دەڵێت:

ئەحوەلی تەفرەقە نەظەر تەقویەتی سەبەب دەکا

عـارفی وەحـدەت ئـاشنا لەم قسـەیە ئەدەب دەکا      (دیوانی نالی، ١٩٧٦، ).

نـالی توانیـویەتی سـەرکەوتوانە کێشی عـەرووزی عەرەبی بەسەر شیعرە کوردییەکانی خۆیدا جێبەجێبکات و هەموو شیعرەکانی بەم کێشە دابرێژێت. گومانی تێدانییە ئەمەش بە کاریگەری ئەدەبی عەرەبی و فارسی و ڕۆڵی ئاین بووە.

سەروا:

شــاعیرانی کلاســیک چەنــد جۆرێــک لە ســەروایان بەکارهێناوە، لەوانە ( سەروای یەکگرتوو، جـووت سـەروا ، سەروای تێکەڵ) . د. مارف خەزنەدار سەبارەت بەسەروای شیعرەکانی نالی دەڵێت : ((ئەگەر لە شیعری نالی وردبینەوە دەبینــین قــافیەی وای هەیە تەنیــا لەســەر یەک تیــپ دامەزراوە، وەکو (ا)، هی واشی هەیە لەسەر دوو تیپ وەکو (شا)، لەسەر سێ تیپ وەکو (ادا) لەسەر چوار تیپ، وەکو (ینـتە) لەسـەر پێـنج تیـپ، وەکـو (ایـێکە)، )) (د.مـارف خەزنەدار، ٢٠١٠، ٨٢).

نالی دەڵێت:

ئەی جیلوەدەری حوسـن جلەوکێشی تەماشا

سەر ڕشتەیی دین بێ مەدەدی تۆ، نییە، حاشا

فەییاضی ریاضی گوڵ و میهر و مل و لەعلی

ئەی شــەوقی ڕوخ و ذەوقی لەبـت ذائـیقە بەخشا      ( نالی، ١٩٧٦، ٥٧٥-٥٧٦).

نــالی ئەم شــیعرەی بــۆ ( خــوای گەورە) نووســیوە و جیلـوەدەری حوسـن مەبەسـتی ئەوە، سـەرواکەی دووپیتە، ئەوانــیش (شــا)ن، کە ســەروای یەکگرتــووی تێــدا پەیرەوکردووە.

سەبارەت بە قافیەی قورسیش لای نالی دەڵێت : ( هەندێ شیعری نالی قافیەیان بریتییە لە وشەیەک یان ڕستەیەک، یـان نیـوە ڕسـتەیەک). (د.مـارف خەزنەدار، ٢٠١٠، ٨٢) ، کە ئەم حاڵەتە پاش سەروا یان (ردیف)یشی پێدەوترێت.

هەروەک لە شیعرێکدا دەڵێت:

گەر دەپرسی من لەبەر چی کەم دەخـۆم

من بەبرسی قەط مـەزانە، غـەم دەخـۆم

ئـاوی سـوێری چـاو و بـاری تاڵی لێو

ســوێر و تــاڵی دەم دەم و ژەم ژەم دەخــۆم   (نــالی، ١٩٧٦، ٢٩٥-٢٩٦).

سەرواى ئەم شیعرە پیتی (ەم) ە و هەروەها پاش سەرواى (دەخۆم) ی بەکارهێناوە.

قاڵبی شیعر:

قاڵبی شیعری واتە جۆر یاخود ژانری شیعری، کە مەبەست لەو شێوازانەیە کە شیعرەکەی پێدادەڕێژێت، لە شیعری کلاسیکدا شاعیران چەندین قاڵبی شیعریان بەکارهێناوە، لەوانەش (قەسیدە، غەزەل، چوارین، تاک(دوبەیت)، چوارخشتەکی، پێنج خشتەکی، موسەمەت، موستەزاد، تەرجیعبەند، تەرکینبەند، ...).

شاعیران زیاتر پەیوەست بوون بەو چوارچێوە و قاڵبانەی کەلای عەرەب و شاعیرە عەرەبی و ئیسلامییەکان جێگای بایەخ بووە، ئەمەش بەهۆکاری ئاینی بووە، لەم سۆنگەیەشەوە سەبارەت بە قاڵبی شیعری لای نالی دەتوانین بڵێین ((شیعری نالی بە قەوارە و ژمارە کورت و کەمە، ئەو بەرهەمەی لەبەردەستماندایە دەتوانرێ هەمووی لەدەوروبەری ١٢٠ پارچە شیعری لیریکی بژمێردرێ. هەروەها شیعری نالی لە ڕووی بابەتی هونەرە شیعراتییەکانی ئەدەبی ئیسلامەوییەوە(نەتەوە ئیسلامیەکانەوە) کە زۆرن، شاعیر ئەو قاڵبانەی لەم لایەنەوە هەڵی بژاردوون بۆ بەرهەمی شیعری لە چوار جۆر تێپەڕناکەن : غەزەل، قەسیدە، موستەزاد، تاک(فەرد)).(د.مارف خەزنەدار، ٢٠١٠، ٧٧).

غەزەل: غەزەل لای شاعیرانی کلاسیکی عەرەب و لە ئەدەبی ئیسلامیدا زیاتر بۆ بابەتی خۆشەویستی ئافرەت بەکارهاتووە. بەڵام (( شاعیرانی کورد، ئەوانەی پێشەنگی داڕشتن و چەسپاندنی غەزەل و قەسیدە بوون، لە کوردیدا، لە ژێر کاریگەری شیعری عەرەبی ئیسلامی و بەتایبەتی شیعری فارسی ئەو هونەرەیان گواستەوە بە ناو ئەدەبی کوردی و ئەفراندن و داهێنانی خۆیان خستەسەر و دەوڵەمەندیان کرد)). (د.عەزیز گەردی، ١٩٩٩، ٢٥٤).

هەر بۆیە شاعیرانی کلاسیکی کورد، غەزەلیان بە قاڵبی شیعری ئەژمار کردووە و ئەو شیعرانەی لە (٦) دێڕ بەرەو سەربوون هەتا (١٣) دێڕ بە غەزەل دانراون، بەڵام لەڕووی ناوەڕۆکەوە هەمان ناوەڕۆکی قاڵبەکانی تریان هەبووە، نالی شاعیر زۆرترین شیعرەکانی غەزەلن، هەروەک د.مارف خەزنەدار دەڵێت: ((بەرهەمی شیعری نالی ئەوەی ئێستا لەبەردەستماندایە و ئاگاداریمان لێی هەیە لە زیاتر لە سەد پارچە غەزەل پێک هاتووە )). (د.مارف خەزنەدار، ٢٠١٠، ٧٧).

نالی لە غەزەلێکدا دەڵێت:

بەهاوین جەستە خەستەی دەردی گەرمام

بەزستان دڵ شکستەی بەردی سەرمام

لە هێلانەی زەمیندا وەک شتورمورغ

منی قودس ئاشیان بێ باڵ و پەڕمام (نالی، ١٩٧٦، ٢٦١).

ئەم غەزەلەی نالی (٨) دێڕە و شاعیر گلەیی لە بەختی خۆی دەکات و هەروەها گلەیی لە دەست بێدەسەڵاتی خۆی و پلە و مەکانی دەکات لەسەر زەوی.

قەسیدە: قەسیدە لە ئەدەبیاتی عەرەبی و ئیسلامی و لای شاعیرە کوردەکانیش، ئەو جۆرەی شیعرە، کە ژمارەی دێڕەکانی زۆرن، لە (١٣) دێرو (١٤) دێڕەوە دەستپێدەکەن و قەسیدەشمان هەیە، کە لە (١٠٠) دێڕ زیاترە. (( بەرهەمی نالی لەم جۆرە شیعرەدا کەمە، ژمارەی قەسیدەکانی لە پەنجەی دەست تێناپەڕن، درێژترین قەسیدەی ئەو دوو نەعتەیە کە بۆ پێغەمبەری وتووە، یەکەمیان ( ئەی ساکینی ...) لە ٦٨ دێڕە شیعرو دووەمیان (ئەلا ئەی نەفسی ...) لە ٧٤ دێڕە شیعری پێك هاتوون، هەروەها دەتوانین لە قەسیدە بەناو بانگەکانی نالی ناوی قەسیدەی ( قوربانی تۆزی ڕێگەتم ...)(٤٣ دێڕ) و (مەستورە کە حەسناو ئەدیبە ...)(٤٩دێڕ) ببەین)). (د.مارف خەزنەدار، ٢٠١٠، ٧٨).

نالی لە قەسیدەیەکدا دەڵێت:

ئەلا ئەی نەفسی بووم ئاسا، هەتا کەی حیرسی وێرانە!

لەگەڵ ئەم عەشقبازانە بڕۆ بازانە، ئازانە!

موسوڵمان! لێرە مانی خان و مانت هەر نەمان دێنێ

پەشیمان بە کە دەرمانی نەمانت مایەی ئیمانە

بڵا بۆ کوندەبوو بێ، مفتی مشک و ماری کەندوو بێ

خەتیرەی گەنجی وێرانە، زەخیرەی کونجی کاشانە (نالی، ١٩٧٦، ٤٨٢-٤٨٣).

نالی لەم قەسیدەدا نەفسی خۆی چواندووە بە کوندەپەپوو، کە عاشقی وێرانکردنە و داوایلێدەکات، کە ڕێبازی پیاوباشان بگرێ و ڕێگای خودا بگرێتەبەر.

موستەزاد: ئەمەش قاڵبێکی شیعرییە، د.مارف خەزنەدار دەڵێت ((شاعیر نیوە دێڕە شیعرێکی کورت دەخاتە سەر

هەموو نیوە دێڕە شیعرە درێژەکان )) (د.مارف خەزنەدار، ٢٠١٠، ٧٨).

نالی موستەزادی هەیە، کە بەشێوەیەکی جوان دایرشتووە (٩) دێڕە و بە سێ شێوە دەتوانرێ بخوێنرێتەوە، یان دێڕە کورتەکان بەتەنیا، یان دێڕە درێژەکان بەتەنیا و یان هەردوکیان پێکەوە:

ئەی تازە جەوان! پیرم و ئوفتادەوو کەوتووم

تاماوە حەیاتم

دەسێ بدەرە دەستی شکستم، کەبەسەرچووم

قوربانی وەفاتم (نالی، ١٩٧٦، ٢٦٤).

نالی ئەم شیعرەی بۆ پێغەمبەر(درودی خوای لێبێت ) نووسیوە.

تاک: بریتییە لە یەک دێڕە شیعر، عەلائەدین سەجادی دەڵێت : ((ئەوەیە کە هۆنەر هەندێ جار هەندە بیرێکی بۆ پەیدا ئەبێ و ئەیخاتە ناو هۆنراوەیەکی تەنهاوە، ئەم هۆنراوە هیچ ئاشنایەتی لەگەڵ هیچ شتێکی تردا نییە، خۆی بۆ خۆی سەربەخۆیە)) (عەلائەدین سجادی، ١٩٦٧، ١٧١).

گەلێک لە شاعیران بایەخیان بە تاکە دێڕ داوە، بەڵام نالی تەنیا یەک تاکە دێڕی هەیە، ئەویش دەڵێت:

صەوتی نەغمەی بولبولە یا چەهچەهەی خرخاڵیە ؟!

دەنگی سۆلە، یا لەژێر پێی ناڵە نالی نالیە

؟! (نالی، ١٩٧٦، ٥٨٨).

نالی گرنگی بە قاڵبەکانی تر نەداوە یاخود رەنگە ئەو شعرانەی ونبووبێت و نەتوانرابێ بخرێتە نێو چوارچێوەی دیوانەکەی

دەرئەنجام

ئاین بۆ شاعیرانی کورد لەسەردەمی شیعری کلاسیکدا جیا لە بیروباوەرو عەقیدەو خواپەرستیان دەلاقەیەکی گرنگبووە بۆ گەشتن بە حەزوو خولیای شاعیرییەتیان، چونکە سەرچاوەی فێربوون و زانست و زانیاری سەرپاکی شاعیران لەو سەردەمە قوتابخانەو فێرگە ئاینیەکان بوون لە حوجرەکاندا.

ئەو زانست و زانیارییەی لە حوجرەی مزگەوتەکاندا فێربوون رۆڵی گەورەی هەبووە لە ئاشنابوونی زیاتری شاعیرانی کلاسیکی کوردی بە یاساو رێساکانی هونەرەکانی شیعر و ئەدەبی نەتەوەکانی دراوسێ و زانستەکانی سەردەم.

ئەو شارەزاییەی نالی هەیبووە ئاگاداری شیعری کلاسیکی نەتەوەکانی تربووە بەمەش هەر لە(حوجرەی فەقێیان بیرو مێشکی بە شیعری کلاسیکی نەتەوەکانی رۆژهەڵاتی ناوەراست ئاودراوە) ئەمانە هۆکاربوونە بۆ ئەوەی شیعری کلاسیکی کوردی لەسەردەستی نالی و قوتابخانەی شیعری بابان گەشەی زۆر گەورە بە خۆیەوە ببینێ.

بەشێکی زۆری شاعیرانی کلاسیکی کوردی سۆفیبوون، پەیوەندیان بە شاعیرە سۆفییەکانی میللەتانی دراوسێوە هەبووە، زۆر لە هێماو رەمزەکانی ئەوانیان بە شارەزایی بەکارهێناوە، ئەم بارەش کاریگەری زۆری هەبووە لەسەر گەشەسەندنەی شیعری کلاسیکی کوردی.

## سەرچاوەکان

ئاراس محمد ساڵح(د) هۆیەکانی گەشەکردنی بزاڤی رۆشنبیری لە شاری سلێمانیدا(١٧٨٤-١٩٥٨)، چاپی یەکەم، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی ٢٠١٥ز.

ئاراس محمد صالح(د)، مێژووی مزگەوت و خوێندنگەی گەورەی خورماڵ، چاپی یەکەم، ناوەندی سارا، سلێمانی ٢٠١٨ز.

ئەکرەمی مەحمودی ساڵحی رەشە، شاری سلێمانی، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، (دار الحرية للطباعة) بەغداد، ١٩٨٧ز.

حەمە کەریم هەورامی، مێژووی پەروەردەو خوێندن لە حوجرەکانی کوردستاندا، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، هەولێر ٢٠٠٨ز.

سەید ئەحمەد پارسا(د)، رووبێژی لە ئەدەبی کوردیدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی نالی، سنندج،١٣٩٧ك.هـ.

سید مستەفا مەحموودیان(زمزیرانی)، فەقێ و فەقێیەتی لە کوردستان، چاپی یەکەم، چاپخانەی مەهارەت، تاران، ١٣٨٢ك.هـ.

عبدالرزاق بیمار، کێش و مۆسیقای هەڵبەستی کوردی، چاپخانەی دارالحریە، بەغداد، ١٩٩٢.

عبدوالواحید مشیر دزەیی(د)،پراگماتیك و رەوانبێژی، چاپی یەکەم، چاپخانەی نووسەر هەولێر٢٠١٥

عمر شێخ لەتیف بەرزنجی، ڕەوشی حوجرە لە پێگەیاندنی زانا ئاینییەکانی شاری هەولێر، چاپی یەکەم، چاپخانەی منارە، هەولێر ٢٠٠٧ز.
عەلادین سەجادی، گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد، بەرگی سێیەم، بەشی یەکەم، ١٩٧٥ز.
عەلائەددین سەجادی، دەقەکانی ئەدەبی کوردی، چاپی یەکەم، انتشاراتی کردستان، سنندج، ١٣٩٢ك.هـ
عەلائەددین سەجادی، ئەدەبی کوردی و لێکۆڵینەوە لە ئەدەبی کوردی، چاپخانەی مەعارف، بەغداد، ١٩٦٧.
عەزیز گەردی ، ڕابەری کێشی شیعری کلاسیکی کوردی، چاپی یەکەم، انتشارات سامرند، پیرانشهر، ١٣٨٣ك.هـ
عەزیز گەردی(د)، سەروا، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر، ١٩٩٩.
فەرهاد پیربال، ڕێبازە ئەدەبییەکان، چاپی سێیەم، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، ٢٠٠٩ز.
مارف خەزنەدا(د)، لە بابەت مێژووی ئەدەبی کوردییەوە، چاپخانەی (المؤسسة العراقية للدعاية و الطباعة) بەغداد، ١٩٨٤ز.
مارف خەزنەدار(د) مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی سێیەم، چاپی دووەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر،٢٠١٠ز.
محەمەد علی قەرەداغی، بوژاندنەوەی مێژووی زانایانی کورد لە ڕێگەی دەستخەتەکانیانەوە، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی(ومیض) بەغداد،١٩٩٨ز.
مەلا محەمەدی عەلیاوەیی، ژیانی فەقێیاتی لە کوردستاندا لەسەدەی ١٣و١٤ کۆچیدا، چاپی یەکەم، سلێمانی ٢٠٠٣ز.
موحسین ئەحمەد مصطفی گەردی، بەهاری ڕەوانبێژی، چاپی یەکەم، هەولێر ٢٠١٣ز.
مەلا عبدالکریمی مدرس و فاتح عبدالکریم، دیوانی نالی، لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی چاپی چوارەم، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغداد، ١٩٧٦.
مەهدی فاتیح عومەر، خاڵۆ ژیان و بەرهەمی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئەندێشە ٢٠١٨.
نوری فارس کاکەخان، عەرووزی کوردی، دەزگای چاپی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٤.
هاشم صالح مناع(د)، الشافی فی العروض والقوافی، الطبعة الرابعة، دارالفكر العربی، بیروت، ٢٠٠٣.
هیمداد حوسێن(د)، ڕێبازە ئەدەبییەکان، چاپی سێیەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر ٢٠١٤ز.
هەژار فەقێ سلێمان حسێن، ڕوونبیژی لە شیعرەکانی مەحویدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی سەردەم ٢٠١٤.
هەژار فەقێ سلێمان حسێن،سێبەری مانا(وتار و لێکۆڵینەوەی ئەدەبی)، چاپی یەکەم، چاپخانەی کارۆ،٢٠١٨.

.................................